### چەتۆ نەورۆز

# لەبەرامبەر سروودەکەی خالید رەشید بێ وەڵام دەبێت



**نیاز عەبدوڵلا- میدیا/** پاش ئەوەی چەتۆ نەورۆز لە روونکردنەوەیەکدا داوای لێبوورنی لە هونەرمەند خالید رەشید کرد، ئێستا چەتۆ لەبارەی نۆتەکانی سروودی (ئەی رەقیب)ی خالید بێ وەڵام دەبێت.

بەپێی ئەو داوای لێبوردنەی کە لە ٢٠٠٧/١٠/٣١دا لە ئاژانسی پەیامنێر بڵاوکراوەتەوە، چەتۆ نەورۆز داوای لێبوردن لە خالید رەشید دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە "ئێستا نۆتەکانی ئامادەیە و پارێزراوە لەلای هونەرمەند مامۆستا ئامانج غازی بەرێوەبەری تیپی مۆسیقای هەولێر بۆئەوەی لە دەرفەتێکدا بەشێوەی ئۆکێسترا بژەندرێت".

لە بارەی پاراستنی مافی هونەریی خالید رەشید لە سروودی ئەی رەقیبدا، (میدیا) پەیوەندی بە چەتۆ نەورۆز کردو ئەو لەبەرامبەردا گوتی: "من هیچم لەبارەی ئەو مەوزوعەوە نییە، چونکە زۆری کێشاوە تا باسیشی بکەین کەس بڕوا ناکات، بۆیە من هەقم نییە وەڵامی بدەمەوە".

چەتۆ بەوە بیانووی بێ دەنگی هەڵبژارد کە ئەو بابەتە زۆر قسەی لەبارەوە کراوە و گوتی: "ئەو بابەتە زوو بڵاوکراوەتەوە و من هیچم نییە دەربارەی ئەو مەوزوعەو تەنیا ئەوەندە دەزانم".

هەر لەبارەی پاراستنی نۆتەکانی سروودەکە کە وەك لە روونکردنەوەکەی چەتۆ نەورۆزدا ئاماژەی پێکراوە، نۆتەکان لەلای ئامانج غازی پارێزراون، بەم هۆکارە (میدیا) پەیوەندی بە ئامانج غازی کرد و ئەو لەو بارەیەوە رایگەیاند، کە ئەو باسە پەیوەندی بەو نییە و ئەوەشی رەتکردەوە کە نۆتەکانی ئەو سروودە لەلای ئەو بن بۆیە بە پێویستی زانی ئەو باسە لەگەڵ چەتۆ نەورۆز باس بکرێت، چونکە پەیوەندی بەو هەیە.

هونەرمەند خالید رەشید بە (میدیا)ی راگەیاند، لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی کە ئەو نۆتەی سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیبی داوە بە بەرێوەبەری موزیك لە وەزارەتی رۆشنبیری بە ئومێدی ئەوە بووە کە نۆتەکان بژەندرێن و تۆمار بکرێن، بۆیە گوتی: "بەڵام بەداخەوە نە نۆتەکانم بە دەست گەیشتوە، نە تۆمارکردن، نە ژەندن، ئەمە لەوە دەچێت نووسەرێك کتێبێکی ناردبێت بۆ چاپکردن بەڵام خاوەنی چاپخانەکە دەستی بە نووسەرەکەی بکات و هەرجارەی وەڵامێکی بداتەوە، پاش ئەوەی چوار ساڵ کتێبەکە دوابخات و بەچاپی نەگەیاندبێت لە پرێکدا بڵاوی بکاتەوە و بڵێت ئەوە من کتێب چاپ دەکەم، ئەو هەمان ئەوکەسەی کە قەراربووە بە چاپیبگەیەنێت لەسەر هەمان ئەو بابەتەی کە نووسەر بۆی ناردبن".

هونەرمەند ئاماژەی بەوە کرد کە سروودی ئەی رەقیبی بە دووجۆر ئامادە کردبوو بە سەرپەرشتی دوو مامۆستا، کە یەکێکیان سوێدیە و ئەوەی تریان رووسی و گوتی: "مامۆستا چەتۆ کە خاوەنی ئەو توانا گەورەیەیە بۆ نۆتەکانی لە من وەرگرت و پاش سێ رۆژ گوتی پارچەکانی تر بە ئێمە لێنادرێت، بەڵام سروودی ئەی رەقیبەکە ئەکەین، پاشان هەمان نۆتەکانی منی بردبوو بۆ تیپی زەیتونی کۆرییەکان بەناوی خۆی پێشکەشی کردبوو، ئەوکات بەرلەوەی نۆتەکانی منی لە ژێر دەستدا بێت بۆ ئەو کارەی نەدەکرد؟".

ئەو ئەوەی روونکردەوە کە ئەو خۆی بێدەنگکردووە لە چۆنییەتی دارشتنی لێبوردننامەکەی چەتۆ نەورۆز، چونکە ئەو لەو بروایەدابووە هەموو مرۆڤێك خاوەنی ئەوەیە کە هەڵە بکات، بۆیە هۆکاری نەگەرانەوەشی بۆئەوە گەراندەوە کە ئەوان بەشێك لە رێگرییەکان بوون و گوتی: "کاك چەتۆ رێگر بووە لە هەموو هەواڵێك بەو ئاراستەیەدا، هاتنەوەی منی پێ قبوڵ نەبووە لەبەر ئەم سروودە کە ویستوویەتی بەناوی خۆی تۆماری بکات".

### کەژاڵ ئادەمی

# عەباسی کەمەندی بە پشتیوانی خۆی دادەنێت



**بڕیار محەمەد- رانیە/** هونەرمەندی گۆرانیبێژ کەژاڵ ئادەمی رایگەیاند، بڕیارە لەگەڵ هونەرمەند نەجمەدینی غولامی کارێکی هاوبەش ئەنجام بدەن و عەباسی کەمەندی بە پشتیوانی خۆی دادەنێت، لە ژیانیشیدا زۆر شتی دیکە هەن کە لە هاوسەرگیری بۆئەو گرنگترن.

کەژاڵ ئادەمی کە ئێستا لە بواری مێژووی هونەر و پەیوەندی نێوان موزیك و سیاسەت و کارگێڕی لە زانکۆی وڵاتی سوێد دەخوێنێت بە (میدیا)ی راگەیاند: "لە ژیانمدا زۆر شت هەن لە هاوسەرگیری بۆ من گرنگترن و هێشتا کات بۆ پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەش زۆرە و من لە دڵمدا کەسێکم خۆشدەوێت"، بۆیە بەلای هونەرمەندەوە پێویستە هونەرمەند پێگە و کەسایەتی خۆی لە نێو کۆمەڵگادا بپارێزێت و گوتی: "رێز و حورمەتی هونەرمەند ئەوەندە مەزنە کە پێم حەیفە بخرێتە خزمەت رێکلام و بازرگانی".

لەبارەی پەیوەندی پتەوی نێوان خۆی و هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانی دیکە، ئاماژەی بەوە کرد هونەرمەند عەباس کەمەندی یەکێك بووە لەو کەسانەی کە هەمیشە لە کارەکانیدا پشتیوانی بووە، بڕیاریشە لەگەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژ نەجمەدینی غولامی کارێکی هاوبەش بکەن و گوتی: "من و هونەرمەند نەجمەدینی غولامی بڕیارمان داوە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە بەرهەمێکدا بەیەکەوە کاربکەین".

ئەو کە تاوەکو ئێستا کارێکی هونەری تایبەتی بۆ شاری کەرکوك نەکردووە هیوای خواست بتوانێت لە داهاتوودا ئەو کارە بکات و گوتیشی: "من لە شیعر وکارە هونەرییەکانمدا هەوڵ دەدەم لە روانگەی ژنێکەوە چاو لە کۆمەڵگا بکەم".

# گۆران ساڵح

# گۆرانییەکی هاوتا ئەسعەد دەڵێتەوە



**عەبدولغەفار عەبدوڵلا-هەولێر/** پاش ئەوەی گۆرانییەکی هاوبەشی لەگەڵ نازدار تۆمارکرد، گۆرانیبێژ گۆران ساڵح رایگەیاند بەنیازی وتنەوە و نوێکردنەوەی گۆرانییەکی هاوتا ئەسعەدە.

لەوبارەیەوە گۆران ساڵح بە (میدیا)ی راگەیاند لە بەرنامەی دایە گۆرانییەکی هونەرمەند هاوتا ئەسعەد بڵێتەوە و گوتی: "دەمێکە بەرنامەم داناوە گۆرانییەکی ئەو هونەرمەندە بڵێمەوە، بۆ ئەو مەبەستە بەنیازم پەیوەندی پێوە بکەم و ئاگاداری بکەمەوە بۆ ئەو کارە".

گۆرانیبێژ بەنیازە گۆرانییەکی هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان (محەمەد شێخۆ) بڵێتەوە، لەو ماوەیەشدا گۆران گۆرانییەکی هاوبەشی لەگەڵ نازدار تۆمارکرد و گوتی: "لەو ماوەیەدا گۆرانییەکی هونەرمەند (شوانە شێخانی) بەناوی (ئەی بۆ وات کرد بۆ؟) لەگەڵ خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ نازدار بەشێوەی دووانە گوتمانەوە و کاری کلیپمان بۆ بەئەنجام گەیاند".

### راگری نوێی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر:

# ئامادەی هەموو لێپێچینەوەیەکەم لەگەڵمدا بکرێت



**عەبدولغەفار عەبدوڵلا-هەولێر/** فەرهەنگ غەفور راگری نوێی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە هەفتەی رابردوودا بە فەرمی دەستبەکاربوونی خۆی راگەیاند و ئەوەی ئاشکراکرد ئەگەر واسیتەو بەرپرسەکان بهێڵن دەتوانن نەوەیەکی بەهرەمەند و هونەرمەندی بەتوانا دروست بکەین.

فەرهەنگ غەفور راگری نوێی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بە (میدیا)ی رایگەیاند، لەماوەی چەند رۆژی دەست بەکاربوونیدا وەك راگری پەیمانگا چەند نامەیەکی بۆ نێردراوە و تەلەفۆنی بۆ کراوە لەلایەن بەرپرسەکانەوە بۆ وەرگرتنی قوتابی.

لەبارەی وەرگرتنی ژمارەی قوتابییان راگری نوێی پەیمانگای هونەرە جوانەکان گوتی: "بۆ ئەمساڵ توانای وەرگرتنی ٨٠ قوتابیمان هەیە، بەڵام نزیکەی ٤٠٠ داواکارییان لەلایەن قوتابیانەوە بۆ هاتووە و هەریەکەش بەشێوەیەك خەریکی واسیتەکردنە".

ئەو پێی وایە کە دەرچوانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ساڵانە چەندین ئەکتەری باشیان لێدەر دەکەوێت، بەڵام دەرچووانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر لە پڕ ون دەبن و بەدەگمەن لەسەر تەختەی شانۆ و کاری دراماییەکان و فزیۆنیەکان دەردەکەون، ئەو هۆکاری ئەوەی گێڕایەوە بۆئەوەی کە ئەوانەی دێنە پەیمانگا بە ئامانجی وەرگرتنی بڕوانامە دێن و گوتی: "ئەوانەی لە هەولێر دێن بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان بۆ وەرگرتنی بڕوانامە دێن نەك بۆ کاری هونەری".

ئەو راگرە تازەیەی پەیمانگای هونەرجوانەکانی هەولێر بەڵێنی ئەوەیدا "هەوڵی جدی دەخەمە گەر بۆ ئەوەی کەمو کوڕییەکانی پەیمانگا نەهێڵم و ئەوەی لە رابردوودا روویداوە من لێی بەرپرسیار نیم، بەڵام ئەوەی لە داهاتوودا روودەدات من لێی بەرپرسیارم و ئامادەی هەموو لێپێچینەوەیەکەم لە گەڵمدا بکرێت".

هەروەها گوتیشی "ئەم ساڵ ڤیستیڤاڵی پەیمانگایی هونەرە جوانەکانی هەولێر بەشێوازیکی چاك کاری بۆ دەکەین. کاربۆ چالاکییەکانی قۆناغە جیاجیاکانی پەیمانگاش دەکەین"



ئەوانەی خوێندنی ئامادەییان تەواو نەکردووە بۆیان هەیە زمانی روسی بۆ یەك ساڵ لەروسیا بخوێنن